# شیکاری تیۆری بۆ دیاردەی تاوان

# بحث وصفي في مجال الجريمة

# Descriptive research in the field of Crime

ابراهيم عبدالكريم حمةكريم[1]، واحدة حمةويس نصرالله[2]
[1,2]بەشی مێژووو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: ebrahim.hamakarim @univsul.edu.iq

**پوختە:**

تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی جیهانیە، هەرلەسەرەتای بونی مرۆڤەوە سەریهەڵداوە، تاوان لەهەموو کۆمەڵگا کۆن ونوێ و پێشکەوتوو دواکەوتوەکاندا بەرێژەی جیاواز بوونی هەیە، ئەوەش بە پێی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و رامیاری هەرکۆمەڵگەیەک . دیاردەی تاوان وەك هەموو دیاردەکانی تری کۆمەڵگا گۆرانکاری بەسەرداهاتووە، بەهۆی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی ورۆشنبیری و ئابووری و تەکنۆلۆژیەکانەوە، تاوانبارەکان هەمیشە هەوڵئەدەن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ گۆڕانکاریە نوێکاندا و سود لە تەکنۆلۆژیا پێشکەوتوەکان وەربگرن بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانیان، لەبەر سامناکی ئەم دیاردەیە زانایان لە کۆنەوە لە بوارە جیاوازەکاندا هەوڵیانداوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر تاوان و دۆزینەوەی هۆکارەکانی، بەمەبەستی چارەسەرکردنی و کەمکردنەوەی و پێشبینی کردنی روودانی، هەر ئەمەش هۆکارێك بووە بۆسەرهەڵدانی چەندان تیۆرو ئەنجامدانی توێژینەوە زانستیەکان لەلایەن کۆمەڵناس و تاوانناس و دەروونناس و ئابووریناس و سیاسەتمەندارەکانەوە.

بێگومان ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانە و تیۆری زانستی بۆ شیکردنەوەی دیاردەی تاوان تا ئیمڕۆ بوونیان هەیە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش خستنەرووی دیارترینی ئەو قوتابخانە زانستیە خاوەن تیۆریانەن کە راڤەی تاوان دەکەن، وەك قوتابخانەی سۆسیۆلۆژی، بایەلۆژی و ..هتد لەم تویژینەوەیە لە هەر قوتابخانەیەك نموونەیەك یان زیاتر باسکراوە، پاشان ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ویستیدایە بایەخی ئەو تیۆریانە لەدەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پشت تاوان بخاتەڕوو، دواجار وەك توێژەریش لەسەر هەریەکەیان سەرنجی خۆی بەکورتی بدات.

**کلیلە وشەکان:** تاوان، تاوانبار، تۆمەتبار، لادانی کۆمەڵایەتی، تیۆر.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10545 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٤/٦ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | ebrahim.hamakarim @univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٤ ابراهيم عبدالكريم حمةكريم ،آ. م.د. واحدة حمةويس نصرالله،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الخلاصة

## التحليل النظري لظاهرة الجريمة

الجريمة هي ظاهرة اجتماعية عالمية، ظهرت منذ بداية الوجود الإنساني، وهي موجودة في كل المجتمعات، قديمة وحديثة، متطورة ومتخلفة، ولكن النسبة تختلف باختلاف الظروف الاجتماعية والاقتصادية والثقافية والسياسية. لقد تغيرت ظاهرة الجريمة، كغيرها من الظواهر الاجتماعية بفعل التغيرات الاجتماعية والثقافية والاقتصادية والتكنولوجية، ويحاول المجرمون دائمًا التكيف مع التغييرات الجديدة والاستفادة من التكنولوجيا المتقدمة لارتكاب جرائمهم.

بسبب خطورة هذه الظاهرة، أهتم العلماء في مختلف المجالات منذ القديم بدراسة الجريمة والبحث عن أسبابها من أجل علاجها وتقليل تكرارها والتنبؤ بحدوثها، مما أدى إلى إجراء عديد من الابحاث و ظهورمجموعة من النظريات العلمية التي تهتم بدراسة الجريمة وتحديد أسبابها من قبل علماء الاجتماع والاجرام وعلم النفس والقانون والاقتصاد والسياسة. ويعد هذا البحث من البحوث الوصفية التحليلية، يحاول عرض بعض من هذه النظريات، وأخيراً كباحث للتعليق بإيجاز على كل منهما .


**الكلمات المفتاحية:** الجريمة ، المجرم ، المتهم ، الانحراف الاجتماعي ، النظرية.


## Abstract

## Theorical Analysis of the Crime phenomenon

Crime is an ancient world phenomenon that has emerged since the beginning of human existence. Crime exists in all societies, old and new, developed and backward, but the percentage of crime varies from society to another according to different social, economic, cultural and political conditions, The phenomenon of crime, like all other phenomena of society, has changed due to social, cultural, economic and technological changes. Because of the dangers of this phenomenon, scientists in all different fields have always tried to research the crime and find its causes in order to treat, reduce and predict its recurrence, this led to the emergence of many theories and scientific researches by sociologists, criminologists, psychologists, economists and politicians. This research is a descriptive and qualitative research, trying to present some of these theories, and finally as researcher to comment briefly on each of them.


**Keywords:** crime, criminal, accused, social deviance, theory

## پێشەکی

پرس و کێشەی بنچینەیی زانستە کۆمەڵایەتیەکان- سەرەرای بوونی فاکتەری کۆمەڵایەتی و بوونی بابەتێکی سەربەخۆ لەمەرخۆیان لە دەرەوەی ئەو جیهانەی بۆی دەگەرێن ئەوەیە کە دارای تیۆریای فرەو گشتین، کە هەر تیۆریایەك بۆخۆی وێنایەک بۆ ئەو واقیع و راستیانە دەکێشێ کە جیایە لەوەی تر کە پێشکەشیکردووە. لێرەوە پسپۆرانی بواری کۆمەڵایەتی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان داهێنەرو دارای تیۆریای جیاو راڤەی جیاجیابوون کە بەرچاورۆشنی زیاتریان بۆ لێکۆڵەران و راڤەی زانستی بۆ پرس و بابەتەکانیان درووستکردوە.

دەستبردن بۆ تیۆرەکانی راڤەکار بۆ دیاردەی تاوان یەکێکە لەو بوارو نێوەندانەی کە توێژەران گرنگیانپێداوە، کە لەرێگەی ئەو تیۆرانەوە راڤەیەك و خوێندنەوەیەك بۆ دیاردەی تاوانکاری کراوە، پاشان لەوێوە ناسینێك بۆ تاوانبار وەك بکەرو گەرانێك بۆ هۆکاری پشت دەستبردنی بکەر بۆ تاوان ئەنجامدراوە، هەروەها زانینی رۆڵی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و ناوەندە کۆمەڵایەتیەی کە تاوان تیایدا دەبێتە دیاردەو دەرکەوتدەبێت.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## کێشەی توێژینەوە:

تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، یەکێکە لەودیاردا نەی کە لە یەکەم خانەوادەی مرۆییەوە کە خانەوادەی باوە ئادەمە تا بە ئیمرۆ دەستی لەنێو کۆمەڵگەدا نەبڕاوەو بەردەوام فاکتەرێکی مەترسی بوە چ لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی چ لەسەر ئایندەو ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم زەمینە. چەمکی تاوان، کۆکراوەی ئەو رەفتارانەیە کە دەچنە دەرەوەی چوارچێوەی ئاکارو یاساکانەوە، بەو هەڵسوکەوتە لادەرانە دەوترێت کە لێپرسینەوە و سزایان لەبەرامبەردا دانراوە، چونکە ئەو رەفتارانە دەستدرێژیان بۆ سەر کەس و ماڵی کەسانی تر تێدایە . بۆخۆی وەك بوومەلەرزەیەك بنەماسەرەکیەکانی کۆمەڵگە دەهەژێنێت، کاریگەری لەسەر ئاسایش و ئارامی (تاك و گروپ ) کۆمەڵایەتی دەبێت، گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەخاتەژێر پرسیارەوە. کۆمەڵگەش بەشێوەیەکی گشتی چەندین جۆرو شێوەی تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێت، وەك: تاوانی کوشتن ، دزیکردن، دەستدرێژی سێکسی ، بردن و تالانکردن ، رێگری و چەتەگەری ، بەرتیل وەرگرتن، یاسا بەپێی هەرتاوانێك کە تاوانبار ئەنجامی دەدات لەبەرامبەریدا سزایەکی گونجاوی بۆ دیاریکردووە..

لەم سۆنگەیەوە گەرتەماشە بکەین کۆمەڵگەی کوردیش وەک هەر یەک لە کۆمەڵگەکانی تر، خاڵی نیە لەم دیاردەیە، سەرەڕای تۆکمەیی بونیادی خێزانی و پەیوەستی تاکەکانی بەیەکترەوە، کەچی رۆژبەڕۆژ ئەم دیاردەیە لەزیادبووندایە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئامێرو ئامرازەکانی پەیوەندی و راگەیاندن و هەژموونی یهانگیری! رۆڵی نەرێنیان بینیوە لەزیاتر بوونی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، سەرەڕای ئەوکەلتوورو بەها چەسپاوانەی کە دژایەتی و نەیاری ئەم دیاردە نەگریسە دەکەن،(واحدە حەمەویس نصرالله، ٢٠١٧ : لا٢٦٥. ) بۆیە رۆژانەو بەردەوام بینەری راستەوخۆی و ناڕاستەوخۆی وێنەی تاوانباران دەبین کە تاونیان ئەنجامداوە. کەخەریکە ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگەی کوردیا بگاتە ئاستێکی وەها بچێتە ریزی کۆمەڵگە هاوسێکانیەوە، تەنانەت لاسایی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان لەهەندێك تاواندا تیا دەربکەوێت...لێرەدا جێی خۆیەتی کۆمەڵناسان و تاوانناسان و ئەوانەی پەیوەندیدارن بەم بوارەوە تیۆریاکانی تاوان شارەزا بن و بەدووی هۆکارو فاکتەرەکانی پشت زیاتربوونی ئەم دیاردەیە بگەڕێن. کێشەی بنچینەیی ئەوەیە کە کۆمەڵناسی دارای تیۆریای فرەو گشتیە ئەو تیۆریانە کە هەریەکەیان بۆخۆی وێنایەیەک بۆ ئەو واقیع وراستیانە دەکێشێت وکەجیایە لەوەی تر کەپێشەکەشی دەکات. واتە ئێمە راڤەو تێگەیشتنی جیا بۆ هەردیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینین و و وەک توێژەر رووبەرووی ئەو تیۆریانە دەبینەوە کەهەڵوێستێکی حەتمی و دیاریکراویان بۆ دیاردەکان هەیە.

لێرەوە بپرسین کامانەن ئەوتیۆریانەی راڤەی تاوان دەکەن؟

کامە تیۆر بۆ ئەو دیاردەیە راڤەو خوێندنەوەی باشترو دڵنیاییدەری پێشکەش کردوە؟

لەم سۆنگەیەوە یە خستنەڕووی ئەم تیۆرە جۆراوجۆرانەو کە تابزانرێت کامە تیۆر گونجاوەو شیکاریەکانی لەگەڵ جۆری تاوانەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا دێتەوە پشتی پێببەسترێت.

## گرنگی لێکۆڵینەوە خۆی لەم چەند خاڵەدا کورت دەکاتەوە

١-ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو لێکۆڵینەوە دەگمەنانەیە کەلە هەرێمی کوردستاندا کرابێت! (بەپێی ئاگایی و زانیاری توێژەر)

٢-ئەو دیاردەیەی کە لێ دەکۆڵرێتەوە، یەکێکە لە دیاردە مەترسیدارەکان، کە ئیمرۆ خەریکە کۆمەڵگەی کوردی گیرۆدەی دەبێت، کە ئەمەش جێگەی خۆیەتی بایەخی پێبدرێت، چونکە زیاتر بڵاوی و کەڵەکەبوونی وەک سەرچاوەیەکی مەترسی بۆ سەر خێزان و بونیادی کۆمەڵگە دەبێت و فاکتەرێکی زیادبوونی رێژەی تاوانە، بەدەر لەوەی لە شکۆی کۆمەڵگە و ئایندەی دەدات.

٣-قسە لەسەر بابەتێکی گرنگ دەکات ئەویش (تیۆرەکانی راڤەی تاوان)ە، کە بۆخۆی ئەرکی کۆمەڵناسە کەبایەخی پێ بدات و لەوێوە باشترین راڤە بۆ ئەو دیاردەیەی کە توێژینەوەی لەسەردەکات بیکاتە بابەتی توێژینەوەکەی.

### ئامانجی توێژینەوە: خۆی لەم چەند خاڵەدا کورت دەکرێتەوە

١- زانین و ناسینی دیارترینی ئەو تیۆریانەی کەڕاڤەی دیاردەی تاوان دەکەن.

٢- زانینی ئاستی گونجاوی هەریەك لەوتیۆریانە بۆ ڕاڤەی ئەو دیاردەیەو قسەکردن لەسەر دروستی و یاخود نەگونجاوی بۆ شیکاری ئەودیاردەیە لەکۆمەڵگەی کوردیدا و رەخنەکردنیان.

٣- زانین و خستنەڕووی هۆکارەکانی پشت تاوان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی.

### میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی ئەم توێژینەوە یە میتۆدی وەسفیی شیکاریە، ئەوەش بەخستنەڕووی تیۆرەکانی ڕاڤەکار بۆ دیاردەی تاوان و پاشان شیکاریکردن و وەرگرتنەوەی دەرەنجام پاش پیشاندانی هۆکاروفاکتەرەکانی تاوان لە کۆمەڵگە.

### یەکەم: پێناسەی تاوان و چەمکە پەیوەندیدارەکانی

**١- تاوان لەڕوی زمانەوانیەوە:** لە زمانی کوردیدا تاوان بەواتای( سووچ، خەتا، گوناه، لادان) دێت. (هەژار موکریانی،١٣٨١:١٤٣)

تاوان (Crime): لە وشەی لاتینی (Crimn)ەوە هاتوەو لە وشەی (Cernere) دارێژراوە کە لەبنچینەدا وشەیەکی گریکیە بە واتای دوورگیری و رەفتاری نامۆ لەرەفتاری گشتی وئاسایی کۆمەڵگە دێت، هەرچی تاوانباریشە ئەو کەسەیە کە ڕەفتارەکەی نامۆ و دوورە لەڕەفتاری ئاسایی خەڵکانەوە. (التویجری،٢٠١١:٢٧-٢٨)

تاوان لە ڕوی یاساناسیەوە: هەموو کردەیەکی پێچەوانەی ئەحکامەکانی یاسای سزادانە. یاسای سزادانیش بریتیە لەو چوارچێوەیەی کە کردە تاوانیەکان لە خۆدەگرێت و ئەندازەی سزاکان دیاریدەکات. ( هەرزانی،٢٠٠٥ :٢٩)

تاوان لە ڕوی دەروونناسیەوە : بریتیە لەو کردەیەی کە دژایەتی سروشتی مرۆیی دەکات و نایەتەوە لەگەڵ خووە مرۆییە ڕەسەنەکان بەڵکوو تەنها بەدووی تێرکردنی ڕەمەکە ناباوەکانە کەلەلای هەندێ کەسدا درووست بوون. (رمچان: ١٩٨٥: ١٥٢).

تاوان لە تێڕوانینی شەریعەتی ئیسلامیدا: بریتییە لەو قەدەغەکراوانەی کە خودای گەورە سزای بە (حد) یان (تعزیز) بۆ دیاریکردوون، قەدەغەکراوەکان لە شەریعەتی ئیسلامیدا بە شێوەی کردەیەکن کە نەرێیان(النهی) لێکراوە یان کردەیەکن کە فەرمان بە دوورکەوتنەوەیان یان نەکردنیان کراوە.(هەرزانی،٢٠٠٥:٢٦)

ئەم پێناسانە ئەگەرچی هەر لایێك بۆخۆی و لەڕەهەندی خۆیەوە تەماشەی تاوانی کردووە، بەڵام دواجار تاوان بریتیە لەو کردەیەی کەهەموو ئەم پێناسانە دەیگرێتەوە، واتە تاوان بریتیە لە هەرکردەیەکی دەرچوو لە یاساوشەریعەت و پێچەوانەی نەریت و نۆرمەکۆمەڵایەتیەکانە، نایەتەوە لەگەڵ سروشتی پاکی مرۆیی و بێزراوە لەلای مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی بەم کردەیە هەڵدەستێ بەتاوانبار دەناسرێت و سزای کۆمەڵایەتی و یاسایی بەسەردادەدرێت.

**٢- تاوانبار ( Criminal)**

لە ڕووی زمانەوانیەوە: تاوانبار: گوناهکار، خەتاکار، لادەر وخراپەکار (هەژارموکریانی،١٣٨١:١٤٣) بکەری تاوانێك یان خەتاو خراپەیەك.

تاوانبار وەك زاراوە: تاوانبار: کەسێکە کە بەراستی تاوانەکەی ئەنجامداوەو دادگا سزای سەپاندوە بەسەر ئەوکەسە دا چونکە دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتوە کە تاوانبارە و ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی راستاندنکراوە (بشیر،٢٠٠٩: ٣٤)

لە تێڕوانینی کۆمەڵناسیەوە: تاوانبار ئەو کەسەیە کە پابەندی نیە یان لە پابەندی خۆی لادەدات لە یاساو عورف و پێوەرو بەهاکانی کۆمەڵگە، بە شێوەیەك کە کەسی ناپەسەندی لەم شێوە هەم خۆی بەتاوانبار دەزانێت و کۆمەڵگەش بەچاوی تاوانبارەوە تەماشەیدەکات. ( جعفر،١٩٩٢: ٧٤).

یاخود: هەرکەسێک کردەیەک ئەنجامبدات یان خۆی لە کردەیەک بگرێتەوەو ئەنجامینەدات کە ئەو کردەیەی پێچەوانەی بەهاکانی

بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بێت، هەروەها حوکمێکی لە بارەوە دەرچوویێت بەوەی تۆمەتبارە بە پێی بنەماکانی ئەو یاسایانەی کە کاری لەسەر ئەکرێت لە کۆمەڵگەکەی.( نصرالله، ٢٠١٧: ٣٧٨)

**٣- تۆمەتبار (The accused)**

کەسێکە یان گروپێکە کە توانای بکەری تاوانی هەیە، تەنها تۆمەتێکی دراوەتە پاڵ و جارێ نەسەلمێنراوە ئایا تاوانەکە ئەو ئەنجامی داوە یان نا؟ بۆیە بەتاوانبار هەژمار ناکرێت. ( الدوري، ١٩٨٤، ٢٣)

## چوارەم: لادانی کۆمەڵایەتی Social deviation

وەکوو چەمك فراوانترلە تاوان واتای هەیە، بریتیە لەهەرکردەیەکی مرۆیی، کە لەچوارچێوەی بەهاو نۆرمەکۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە لابدات و بەوان نەیەتەوە،. یاخود ئەنجامدانی هەر کردەیەك یاخود وازهێنان یان نەکردنی کردەیەك کە پێچەوانەی بەهاو نۆرمەکۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەیە، شایەن بە زەم وتوانج و سزای مادی و مەعنەویە . (شارلوت سیمور ٢٧:٢٠١٠

دووەم: بایەخی تیۆر بۆ لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردنی تاوان .

### - تیۆر The theory

لە رووی زمانەوانیەوە : تیۆر، وشەیەکی بیانیە، لەکوردەواریدا زاراوەی (بیردۆز)ی لە جیاتی بەکاردەهێنرێت، چەمکی بیردۆز، وشەیەکی کوردی لێکدراو لە وشەی (بیر+ ڕەگی کاری دۆز= دۆزینەوە) پێکهاتووە، مەبەست لێی گەڕانێکی وردی بیرمەندانەیە بۆ دۆزینەوەی ئەو یاساو رێو شوێنانەی کەراڤەو خوێندنەوە دەبن بۆ دیاردە جۆربەجۆرەکان. ( زەڵمی، ٢٠٢٠: ١٧١)

تیۆر وەك زاراوە : بریتیە لە کۆمەڵێك چەمك و پێناسە و گریمانەن، کە تێڕوانینێکی رێکخراو دەدەن سەبارەت بە دیاردەیەکی دیاریکراو، لە رێگەی دیاریکردنی پەیوەندیە جۆراو جۆرەکانی نێوان گۆڕاوە تایبەتەکان بەو دیاردەیە. بە ئامانجی راڤەکردنی ئەو دیاردەیە و پەیبردنیی داهاتوویانە پێی یاخود راڤەکردنی هۆکاری ڕوودان و دەرکەوتبوونی ئەو دیاردەیە. (غریب ، ٢٠١٢: ٣٤)

ناکرێت توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام بدرێت بەبێ ئەوەی لاکردنەوەیەك بۆ تیۆر یان پشتبەستنێك بەتیۆر تیایدا فەراهەم نەبێت. چونکە پەیوەندیەکی تەواوی لەنێوان تیۆر و توێژینەوە دا بوونی هەیە، کە وەك پەیوەندی گیان و جەستە وایە، هەردەم تیۆر وەك (گیان) بووە، توێژینەوەش وەك (جەستە)، ئەگەر گیان لە جەستە جوێ ببێتەوە دیارە جەستەش بۆخۆی واتایەکی نابێت.

توێژەرسوود لە تیۆر وەك رێرەوێك وەردەگرێت کە ئاراستەکاری زانستیانەو رێنموونیکاریانەیە بۆ بە میتۆدیکردنی ئەو میتۆدەی کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەو بوارەکانی. پاشان دەرگا بۆ گریمانەی زانستی دەخاتە سەرپشت و پاڵپشتی ئاراستەکردنی بۆ لای سەرچاوە زانستیە شایەنەکان بۆ توێژینەوەکەدەکات. لەکۆتادا یارمەتی توێژەریش بۆ رێکخستنی دەرەنجامەکانی و تێبینیەکانی لە شێوەیەکی رێکوپێکو رێکخراودا لە مەیدانی کارەکەیدادەدات، هەلی زیاتردەرەخسێنێت و دەسکەوتی زانستی بۆ درووستدەکات، کە دواجار لە جێبەجێکردنیدا کۆمەڵگە بەگشتی سوودی لێوەردەگرێت. هەروەها تیۆر دەبێتە هۆی زیاتر بوونی توێژینەوە، ئەوتوێژینەوانەش بۆخۆیان تیۆری نوێ بەدووی خۆیاندا دەهێنن، هەربۆیە ئەم دوانە هیچ کات لەپەیوەندی بەهێزی نێوانیان و کارلێك، ناکەون.(غریب، ٢٠١٢ :٤٤ )

## سێیەم: دیارترینی ئەو تیۆریانەی راڤەی تاوان دەکەن .

### ا- سەرەتایەک بۆڕاڤەی تاوان

پێش ئەوەی خوێندنەوەی زانستی بۆ تاوان بکرێت، راڤەو خوێندنەوەی ئەفسانەیی و پاشان ڕاڤەی ئاینی بۆ تاوان کراوە، ڕاڤەی کۆمەڵایەتی و تێفکرینی سادەی کۆمەڵایەتیش هەبووە بە شێوەیەك کە لەهەموو کۆمەڵگەیەك جۆری تایبەتی بیرکردنەوەو خوێندنەوە بۆ دیاردەکانی

هەبووە لەوانەش تاوان. بەڵام لەسەردەمی نوێدا بابەتەکە (تاوانکاری) بوو بە بابەتێکی زانستی و ڕاڤەی زانستی بۆکرا، هەر زانایەك لەبەردەمی خۆیەوە بە پێی بواری زانستی خۆی (جوگرافی- یاسایی- دەروونی- کۆمەڵایەتی.....هتد) بە شوێن هۆکاری سەرهەڵدانی تاواندا گەڕا و دواجار تیۆرو ڕاڤەی زانستی بۆکرد.

هەر لەکۆنەوە پیاوانی بیرو زانست لەهەوڵی ڕاڤەو بەشوێن دۆزینەوەی هۆکارەکانی پشت تاوان بوون، بەڵام ئەم هەوڵانە نەگەیشتنە ئەوەی کە تانوپۆیەکی زانستی پێببەخشن، تا ئەم دواییانە نەبێت.

چونکە پێشتر ڕاڤەی میتافیزیکی زاڵبوو بەسەر تاوانکردن و هۆکارەکانی پشتەوەی تاوان. ئەوسا باوەڕ وابووە کە هێزی جادوویی و پەنهان (قوی الغیبیە) لە پشت ئەنجامدانی تاوان و هۆکاری سەرەکی تاوانن، هەروەها تاوانباران جنۆکە و خێو (شیاطین) لەناویاندا هەیەو ئەوانن پاڵنەری تاوانبار بۆ تاوانکردن، بۆیە چ تاوان و چ تاوانبار بە مەترسیاندەزانی بۆ سەر خۆیان و کۆمەڵگە. (رمضان، ١٩٨٥: ٦٣)

زۆرینەی ئاینەکان و پیاوانی ئاینی پێیانوابوو کە تاوان بەشێکی بڕاوەی خوداکانە بۆ سەر مرۆڤەکان، بەوەی بە ئەندازەی لادان و تاوانەکانیان و دوورکەوتنەوەیان لەخوداکان، ئەوەندە تووڕەیی خۆیان بەسەر مرۆڤەکاندا دەڕێژن، ( القهوجی،٢٠١٢: ٣٧) لە ڕێگەی دیاردە نەرێنیەکانی نێو خۆیان ژیانیان لێتاڵدەکەن، وەك یەکترکوشتن ویەکترچەوساندنەوەو ستەم لەیەکترکردن، واتە بە دەستی خۆیان مرۆڤەکان یەکتری ئازاردەدەن.

چاکسازە کۆمەڵایەتیەکان و بیرمەندو فەیلەسووفان کاری تاوانی تاونکارانیان گەڕاندوەتەوە بۆ شێوازی پێگەیاندنی تاکی تاوانبار و جۆری خراپی پەروەردەکردنی خێزان، واتە بۆ باش پێنەگەیاندنی بەشی گیانەکی (روحی) مرۆڤ. نموونەی دیاری فەیلەسوفانیش هەن وەك (ئەفلاتوون) پێیوابووە کە ئەگەری تاوانکردن لەسرووشتی مرۆڤدا هەردەم بوونی هەیە، لەوکاتانەدا هێزە شەڕەنگێزەکان یارمەتیدەرن بۆ دەرکەوتبوونی. فەیلەسوف (ئەرەستۆ) جەختی لەسەر میتافیزیکی نەبوونی هۆکارەکانی پشت تاوانی دەکردەوە، ئەو پێیوابوو کە خودی ناخی مرۆڤ سەرچاوەی سەرهەڵدانی تاوانە، بەوەی کە ناخی مرۆڤ سەرچاوەی ئیرەیی و تەنها بۆخۆویستی وحەزبە کۆکردنەوەی ماڵ و سامانە بەخۆی. (الساعاتی، ١٩٨٣: ٩)

توێژەر پێیوایە تا بە ئیمرۆش لە کۆمەڵگەی کوردیدا خوێندنەوەو ڕاڤەی چ ئاینی و چ ئەفسانەیی بوونی هەیە، وەکوو ئەوەی ئیدیۆمەکانی ( خوا گرتی.، خوا تووشی بەڵایکرد!، خوا غەزەبی خۆی باران بەسەریا تووشی موشکیلەی کرد، ....هتد) باون و ئەم جۆرە دەستەواژانە تا بە ئیمرۆش دووپاتیان دەبیسترێت. هەروەها پاساوی ( دووری لەخوا، زاڵم بوو زوڵمی زۆریدەکرد، ماڵی خەڵکی داگیرکرد، ماڵی ئەو هەتیوانەی خوارد، ماڵی ئەو هەژارانەی زۆر بەبادا، کورە یەك دونیا جنی تیایەو سەرشێتە بۆیە ئەو تاوانانە دەکات و ....هتد) بەشێکن لەڕاڤە بۆ تاوانی تاوانباران لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا. ئەمانەش هەمووی بیرکردنەوەی نازانستین و لەنێو بیرکردنەوەی ئاینی و میتافیزیکیەوە سەرچاوە دەگرن.

## ب- ئەو تیۆرانەی ڕاڤەی تاوان دەکەن .

بێگومان ژمارەیەك زۆر تیۆری زانستی هەن بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی ڕودانی تاوان، لێرەدا توێژەر دەست بۆ گرنگترین ئەو قوتابخانە زانستیانە دەبات کە ڕاڤەی تاوان دەکەن، پاشان لە هەر قوتابخانەیەك نموونەیەك یان زیاتر دەخاتە بەرچاو، دواجار سەرنجی خۆی لەسەر هەریەکەیان بەکورتی ئاماژەپێدەدات.

## یەکەم: قوتابخانەی پێکهاتەی بایەلۆژی/ التكويني

یەکەم قوتابخانەیە شیکار و ڕاڤەی زانستی کردووە بۆ تاوان، وازیهێناوە لە تێگەیشتن و ڕاڤەی ئەفسانەیی و ئاینی کە پێشتر باوبوو، کە تاوانی دەبەستەوە بەو هێزە شەڕەنگێزو نادیارو میتافیزیکیانەی کە لە خەیاڵدان و کۆنەستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەدا وەك بەشێك لە کەلتوور مابوونەوە. بەڵام ئەم تیۆریایە لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی پزیشکی، بەتایبەتی پزیشکی ڕەوایی (الطب الشرعی) سەریهەڵدا، باوەڕیوابوو کە بوونی کێشەو کورتهێنانێك لە پێکهاتەی بایەلۆژی مرۆڤدا دەبێتە هۆکاری نائاسایی رەفتاریو تاوانی لێدەکەوێتەوە. ( القهوجی و الشادلی، ٢٠١٢ ، ٣٧.)

ئەم قوتابخانە باوەڕی وایە کە تاوان و پێکهاتە بایەلۆژیەکەی (جەستەی) تاوانبار پەیوەندیەك پێکەوە گرێیاندەدات، بەجۆرێك کە پێکهاتەی بایەلۆژی تاوانبار رۆڵیدەبێت لە تاوانباری مرۆڤدا، جا ئیتر پێکهاتەی ڕوخساری و دەرەکی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەکە بێت یاخود لە ئەندام و کاری ناوەوەو فسیۆلۆژیای بێت ( القهوجی، ١٩٩٤، ٣).

ئاشکرایە کە تیۆری مرۆڤی تاوانبار تیۆرێکی کلاسیکی کۆنە، دامەزرێنەری ئەم تیۆریایە پزیشکی ئیتالی (سیزار لۆمبرۆزۆ-Cesare Lombroso) یە کەبە (تیۆری مرۆڤی تاوانبار) ناسراوە.

ئەم تیۆریایە بەچەند قۆناغدا گوزەردەکات، لەوانە چواندن یان لێکچوویی مرۆڤی سەرەتایی بە ئاژەڵ، بەجۆرێك( لۆمبرۆزۆ) پاش پشکنینی ئێسکەکانی کەللەی سەری تاوانباران، بەوەگەیشت کە گوایە بۆشاییەك بوونی هەیە لە کەللەی سەری ئەو تاوانبارانەدا، بە بەراورد لەگەڵ مەیموون بۆیدەرکەوت ئەو بۆشاییە لە کەللەی سەری مەیمونیشدا بوونی هەیە. دواجار پاش ئەم پشکنین و وردبوونەوانە گەیشتە دەرەنجامێک ئەویش: ( تاوان کردەیەکە هۆکارو پاڵنەری ڕوودانی پەیوەندیدارە بە پێکهاتەی بایەلۆژی کەسی تاوانبارەوە.)
بەمانا مرۆڤی تاوانبار هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندی وەهایە کەهۆکارو پاڵنەری ئەنجامدانی کردەی تاوانین، ئەم تایبەتمەندی وهەڵگری خەصڵەتانەش هەمان هەڵگری بایەلۆژی ئاژەڵین کە لەنێو مرۆڤە تاوانبارەکاندا هەیە. (الطراونە، ٢٠٠٤، ٣٢).

هەندێ لە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە کە پەیوەندی هەیە لەنێوان بوونی ناتەواوی ئەندامەکانی جەستەو گرفتی کەمئەندامی و ڕەفتاری تاوانیدا، ئەو لێکۆڵینەوانە ئەوەیان ڕوونکردوەتەوە کە ژمارەیەك لەو تاوانبارانە کە کەم نین ئەو ژمارانەش جۆرێك لەگرفتی کەمئەندامی و ناتەواوی کردەیی ئەندامەکانی لەشیان هەبووە. ( القهوجی ١٩٩٤، ٣٧).

ئەم تیۆریانە ئەگەرچی هۆکاری یەکەمی تاوانکاری وابەستەدەکەن بە پێکهاتەی بایەلۆژی تاوانبارەوە لەگەڵ ئەوەشدا نەیاری هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان ناکەن و نایانخەنە دوواوە، بەڵکو ئەو هۆکارانە بەلاوەکی دادەنێن. (رمضان ، ١٩٨٥،٣٨)

لە ئاینی ئیسلامیشدا باسی ئەوە هاتووە کە دەمووچاو سیمای تاوانبار بەشێکە لە شوناس و هۆکارێکە بۆ ناسینەوەی، کە خوای گەورە دەفەرموێ (يُعْرَفُ الْمُجْرِمُونَ بِسِيمَاهُمْ فَيُؤْخَذُ بِالنَّوَاصِي وَالأَقْدَامِ } [الرحمن:٤١]) واتە تاوانبارەکان بە دەمووچاویاندا دەناسرێنەوە و بەسەر و بە قاچ و ڕادەکێشرێن.

لە ئەدەبیاتی بیانی و تەنانەت کوردیشدا هەمیشە کەسە تاوانبارەکان وەها باسکراون کە لە ڕووی شێوەو ڕوخسارەوە بێزراوی و جۆرێك لە ناجۆری و جیاییان هەبووە و هەیە. ڕووخسارو پێکهاتەی ئەندامەکانی جەستەیان ناقۆڵاو ناشیرینە.

لە ئەدەبیاتی زارەکی کوردەواری ئێمەداو لە چیرۆك و رازە ئەفسانەییەکاندا هەردەم کەسانی چاکویست و کردە باش هەمیشە کەسانی ڕێکوپێك و جوانخاس وەصفکراون و کەسانی تاوانبارو ستەمکاریش شێوەی دزێوو ناشیرینیان خراوەتە پاڵ. نموونەی چیرۆکی (دنکە هەنارە)و ( پیرە ژن) ە ناشیرینەکە، پیرە ژنەکە کەسایەتی داندرێژو دەمووچاو قوپاوو دەسوپەنجە نارێك و چاودەرپەڕیووە، بەپێچەوانەشەوە (دنکەهەنارە)

بە نموونەی جوانی مرۆڤ وێناکراوە لەڕووی جەستەیی و تەنسیقی ئەندامەکانیەوە. لە رازە ئەفسانەییەکاندا کە باسی پاڵەوانی چیرۆکەکان دەکەن کە نموونەی چاکەو لایەنگری ڕاستین و هەمیشە پیاوێکی لەشولار رێك و باش و ئازاو ڕووسوورو..هتد پێچەوانەکەشیان بەشداری کاری خێو و گیاندارە درەندەکان دەکەن هاوشێوەی ئەوان ڕەشداگیرساوو توندوتیژو کردە ناباو و جەستە ناقۆلا بوون. (زەڵمی: ٢٠١٠، ٣٧)
لە مێژووی توندوتیژی مرۆییدا هەردەم چەمك و تێگەیشتنە بایەلۆژیەکان وەك هاندەرو پاڵنەری کارا بینراون لە هێزی رەفتاری توندوتیژیدا، ئەگەر چی کاتێك پێوەرەکانی توندوتیژی لە پێوەرەکانی کەسێتی جیاکراونەتەوەو داماڵراون، ئەوە رۆشنبوەتەوە کە بۆماوەیی و بابەتە بۆماوەییەکان کاریگەریان نابەرچاوبووە لەسەر توندوتیژی، ئەگەرچی هەندێك زانیاری خراونەتە ڕوو باس لەوەدەکەن کە ئەوانەی کرۆمۆسۆمی زیادەیان هەیە زیاتر ئامادەیی ئەنجامدانی تاوانیان هەیە.

بە پێی ئەم تیۆرییە رەفتاری توندوتیژی کردەیەکی بەشدراوی سرووشتی نێو بوون و پێکهاتەی مرۆییە، رەفتاری مرۆیی بۆماوە رۆڵی تیادەگێڕێت. (Gilligan,1997,220).

توێژەر لەوەدا کۆکە لەگەڵ ئەم تیۆرییە کە رەفتاری توندوتیژی و تاوان بەدەر نیە لە دەسوەردانی بۆماوەو پرسی زیادوکەمی هۆرمۆنەکان لەهەندێ مرۆڤدا.بەڵام وایدەبینێت کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ژینگەی کۆمەڵایەتی، رۆڵی زیاتر دەگێڕێت لە چوارچێوەگری رەفتارە توندوتیژیەکانیدا، پاشان پرسی تاوان پرسێکی کۆمەڵایەتیە، دەکرێت دوێنێ شتێك لە کۆمەڵگەکەی من بە عەیبەو خراپەو تاوان ناسرابێت! ئیمرۆ هەر بەتاوان هەژمار نەکرێت، یان لەکۆمەڵگەیەك کردەیەك بە نارەواو تاوان بناسرێت لەکۆمەڵگەکەی تر هەمانکردە رەواوئاسایی ناسرابێت، بۆیە دەکرێت بوترێت کە تاوان وەك ڕەفتارێکی مرۆیی، پێش ئەوەی پەیوەندی بە پێکهاتەی بایەلۆژی مرۆڤەوە هەبێت پەیوەندی بە ئاکارو بەهای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەوە هەیە.

## دووەم: قوتابخانەی ئابووری

لە نێوان ساڵەکانی( ١٨٥٠ بۆ ١٨٩٥ ) هەر یەك لە (مارکس "١٨١٨-١٨٨٣" K.Marx و ئەنگلز-"١٨٢٠-١٨٩٥" Frederick Engels) بناغەی تیۆری ئابووریان بۆ تاوان دامەزراند، بەڵام زانای هۆڵەندی (ولیەم ئەدریان بونجیە(١٨٧٦-١٩٤٠) یەکەم تیۆریست بوو کە بونیادی تیۆری ئابووری دانا وەك ئەوەی راڤەیەك بێت بۆ تاوان، پێی وابێت هەردەم هۆکارێکی ئابووری لەپشت سەرهەڵدانی تاوان و دەرکەوتنی تاوانەوە ئامادەیە.

(بونجیە) باوەڕی وا لا درووست بووبوو کە دیاردەی تاوان پەیوەندیەکی تەواوی بە دۆخە ئابووریەکانەوە هەیە، ئەوەش پاش کۆڵینەوەو گەڕان بە شوێن ئەو پەیوەندیەی لەنێوان دیاردەی تاوان و ئەو بارودۆخە ئابووریەی کۆمەڵگە تیایدا دەیگوزەرێنێت بۆی دەرکەوت، ئەو لە لێکۆڵینەوەکەیدا گەیشتە ئەوەی کە تاوان لە سروشتی سیستمی ئابووری کۆمەڵگەدا ریشەی گرتووە. سیستمی سەرمایەداری فاکتەری درووستکاری ڕەفتارە تاوانیەکانە. ئەم تیۆرییە بۆ راڤەی تاوان بەپێی ئەم بنەمایە دەڕوات، بۆیە پێیوایە کە هەموو هەژارێك ئەگەری تاوانباری هەر دەبێت تیابێت، یاخود تاوان و بارودۆخی خراپی ئابووری هەمیشە شانبەشانی یەك گوزەردەکەن. چونکە گوزەرانی خراپی تاکێك بەدڵنیاییەوە پاڵنەرێکی تەواوە بۆ چوون ڕوەو تاوان.هەروەها هەندێ لادانی رەفتاری لەناوەندە هەژارەکاندا دەردەکەوێت کە تاکەکانی هەست بە برسیەتی و ماندووبوونی زیاترو بێبەشی دەکەن. هەربۆیە بارودۆخی ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی تاك وایلێدەکات کەهەست بە نادڵنیایی لە گوزەران و ڕووخانی ئومێدی بە ژیان و دەسەوسانبوونی زیاتری بەدەستکەوتن و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی هاندەردەبن بۆ ڕووکردنە تاوان( عبد الستار ، ١٩٧٨ : ٥٧)

ئەم تیۆرییە وایدەبینێت کە تاوان بەرهەمهاتووی کۆمەڵێك بارودۆخی ئابووریە بەتایبەتی (هەژاری- Poverty) کە لە بێکاری وکۆمەڵێك قەیرانی تری ئابووریەوە سەرهەڵدەدات. لێرەوە هۆکارە ئابووریەکان و بارودۆخی خراپی ئابووری کۆمەڵگە بنەمای سەرەکیە، کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵ لەهەموو بوارەکانیەوە. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە وایدەبینن کە تاوان لە جەوهەریدا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دەرەنجامێکی یەکلابوەوە (حەتمی)یە بۆ ئیستغلالکردنی چینی کرێکار (Working Classes) دادپەروەری تاوانکاری چەسپاو لە کۆمەڵگە سەرمایەدارەکاندا لەقازانج و بەرژەوەندی چینی سەرمایەداریدایە، بۆیە تاکی هەژار لە ڕووی ئابوورییەوە دادپەروەری لەو کۆمەڵگەیەدا بەڕوویەوە نایەت و ئەو خواستە مادی و مرۆییەی هەیەتی نە بۆخۆی و نەبۆ خێزانەکەی! بۆی بەدینایەت و دەستەبەری ناکات، ئەمەش پاساو و پاڵنەرێکی حاشاهەڵنەگرە بۆ چوون ڕوەو تاوان، وەك ئەوەی ئەو تاوانەی ئەنجامیئەدات لەو ڕووەوە هیچ کات تاوان نیە. هەروەها بیروباوەڕێکی دیکە هەیە کە لەلایەن چینی هەژارەوە لەو کۆمەڵگە سەرمایەدارانەدا پەیدادەبێت، بە شێوەیەکی تایبەت کە: ئەو ماڵو سامانەی کە دەوڵەمەندەکان هەیانە دواجار کەڵەکەبووی ئەو ئیستیغلال وقۆرخکاریەیە کە لە چینە هەژارەکانی دەکەن، ئەمەش وەك پاساوێك دەیبنن کە دەستیانبچێتە ماڵی دەوڵەمەندەکانەوەو هەندێکی لێدابپچڕن بۆخۆیان( علی و عیمان: ، ١٩٨٠: ١٥٧)

## سەرنجی توێژەر لە تەماشەی ڕای بیریارانی ئەم تیۆریایەدا ئەمە بووە کە:

١- ئەگەرچی گومانی لایەنگرانی ئەم تیۆریایە وایە کە(هەموو هەژارێك لەبەرئەوەی کورتهێنانی مادی و ماڵی هەیەو پێداویستیەکانی بۆ پڕناکرێتەوە ئیتر تاوانکاری دەکات، لە پاڵ بوونی ئەو هەژاریەو کەڵەکەبوونی پێداویستیەکانی ئەگەری کردنی تاوانی بەردەوام تیایا زیندووە. ناوەندە هەژارەکان هەمیشە لە ڕووی دەروونیەوە هەست بەجۆرێك لە بێبەشی و کلۆلی دەکەن و ئەمەش هەستی کەمی متمانەو دڵنیایی لە گوزەران و ژیانی ئاسوودەو بژێوی بەردەوامیان لادروستدەبێت و لەناچاریا دەست بۆ کردەی تاوانی دەبەن.!) بەڵام ئەمە بڕیارێکی ڕەهایەو ناڕاستە، مەرج نیە هەمیشە هە ژاری ببێتە هۆکاری تاوان و لەپشت هەموو تاوانێکەوە هۆکارێکی هەژاری و ژیانی کولەمەرگی بوونی هەبێت.

٢- ئەو ئامارانەی تاوان کە لەنێو ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتیانەی بارودۆخی ئابووریان لە قەیراندایەو بژێویان خراپە و کە بەڕای ئەوان ئەو هە ژاری و نالەباریە ئابووری و گوزەرانیەیە لەپشت زیاتربوونی ئەو ئامارانەوەیە!. بەڵام مەرج نیە ئەو ئامارانە بوونی پەیوەندیەك هۆکاری بێئەملاوئەولا لەبارەی بوونی هەژاری و تاوانەوەمان بدەنە دەستەوە، ئەگەرچی لەکاتی بوون و سەرهەڵدانی جەنگەکاندا بوونی بارودۆخی نالەباری ئابووری یارمەتیدەرە بۆ دەرکەوتبوونی بارودۆخی دەروونی کەیارمەتی دەربێت بۆ ئەنجامدانی تاوان.

٣- هەندێ لە توێژینەوەکان وایدەردەخەن کە هە ژاری و نەبوونی هۆکارێکی دەرەکیەو سەرباری هۆکارە ناوەکیە دەروونیەکانی تاك دەکرێت و دەبێتە پاڵپشتی سەرهەڵدانی تاوان نەك خۆی هۆکاری سەرەکی بێت. نموونەی تێکچوونی باری دەروونی و یان لێکهەڵوەشانی خێزان یان بێسەرپەرشتوونی منالآن یاخود پێکدادانی کەلتووری و یاخود ململانێی نێوبەهاکان و سەرکردنی بەهای نوێ بەماڵی کۆمەڵگەدا، بۆیە بەتەنها بوترێت هۆکاری ئابووری تاکە هۆکارە بەڕای توێژەرناڕاستە، بەڵکو هۆکاری یارمەتیدەرە.

٤- تاوانە مادی و ماڵیەکان وەك دزی و گەندەڵی و سووخواردن و شتی تریش هۆکاری ئابووری لەپشتیانەوە هەیە، بەڵام کۆمەڵێك تاوانی تر هەن بەپێچەوانەوە لەوانەیە نەریت و کەلتووری کۆمەڵگە (دەوڵەمەندی) بکاتە هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرێ لەتاوان، نموونە تاوانەکانی شەرەف و دەستدرێژیکردنە سەرگیانی خەڵك و ستەمکردن لەخەڵکی! کەی هە ژاری لەپشتیەوەیەتی؟.

پاشان بەڕای توێژەر لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو ئیدیۆمە کوردیە زۆر باوە کە دەڵێت: (برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە!!( محمود، ١٩٧٩:٧٨))
واتە لەهزری کۆمەڵایەتی کوردیدا برسیەتی، کە دەرکەوتەی دۆخێکی ئابووری خراپی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، وەك هۆکارێك و دەردێك تەماشەی کردووەو دەیکات، کە سەرچاوەیەکە بۆ لادانی ڕەفتاری و کەوتنەوەی توندوتیژی وتاوان، چونکە ئەم لێکچواندنە بە نەخۆشی هاری گەر لە ئاژەڵەکان(سەگ) بدات ئیتر دەکەوێتە پەلاماردانی هەرکەسێك بێتە بەردەمی، ئەم تێفکرینەش بەرهەمی ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەی کوردی بووە، هەر لەخۆڕا نەهاتووە.

دواجار وەك توێژەر وادەیخوێنینەوە بە پێی ئەو ئەزموونە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەی کوردەواری هەی بووە، سەرەڕای خراپی و نەرێنی ئەم هۆکارەو کاریگەری دانانی لەسەر ژیان و گوزەرانی تاکەکان، بەڵام ڕۆڵێکی دیاریکراوی لە سەر تاوانکاری هەبوەو هەیە، بەڵام هەمووشت نەبوەو نیە، بەڵکوو هۆکارە ئابووریەکان ڕۆڵی ئاسانکارو ڕێگەخۆشکەرێکی ڕاستەقینەیان بینیوەو تا ئیمڕۆش دەبینن بۆ چوون ڕوەو تاوان..

## سێیەم: قوتابخانەی جوگرافی

بابەخ پێدانی بیرمەندانی بواری جوگرافیا بە تاوان لەسەدەی نۆزدەوە دەستی پێکردوە، بەتایبەتی کاتێك توێژینەوەکانی بیرمەندی فەرەنسی (جێری Guerry) بەدەرکەوتن کە ئەوکات بەڕێوەبەری کاروباری تاوان بوو لە وەزارەتی دادی فەرەنسیدا، ئەو لێکۆڵینەوەی لە بواری تاواندا کردو فەرەنسای دابەشکرد بۆ پێنج هەرێمی جیاوازی تایبەت لەبواری تاوانکاریدا، ماوەی سالانی نێوان (١٨٢٥-١٨٣٠) خەریکی توێژینەوەکەی بوو، لەو کارەیدا هەستا دوو جۆر تاوانی جیاکردەوە (تاوانی دژەکەسی و خەڵك، تاوانی تایبەت بە ماڵو موڵك) ئەو لەولێکۆڵینەوەیدا کۆمەڵێك خشتەی خستەڕوو، کە تایبەت بوون بە ناوچەکان و جۆری ئەو تاوانانەی کە کراون لەگەڵ تەمەنی کەسانی تاوانبار.( اسماعیل،١٩٩٥: ١١٠)

ئەو ئامارانەی تاوان کە لە توێژینەوەکانی (جێری) و پاشان (کتلیە) بەدەرکەوتن، ئەوەیان خستە ڕوو کە پەیوەندیەکی دەرکەوتووهەیە لەنێوان تاوان و ئاووهەواو ژینگەی سرووشتی. لەو لێکۆڵینەوانە ئەوە ئاشکرابووە کە تاوانەکانی دژەکەسی لەوکاتانەدا زیاتر ڕوودەدات کە پلەی گەرما دەچێتە سەرەوەو کاتژمێرەکانی رۆژ درێژدەبێتەوە، لەکاتێکدا تاوانی دژەموڵکوسامان لە وەرزەکانی سەرمادا و ئەوکاتانەی کە کاتژمێرەکانی شەو زیاترن و شەو درێژە، زیاتر ئەنجامدەدرێت. هەروەها پەیوەندیەك لەنێوان پلەکانی گەرماو جۆری تاوانەکان هەیە، پاشان توێژینەوەکانی ئەوەیسەلماندووە کە پەیوەندیەکی دیار لەنێوان دیاردە سرووشتیەکان و دیاردەی تاوان هەیە، هەر لە کاریگەری باو باران و ڕادەی شێ و پلەی گەرما و بەرزو نزمی خاك وهەرچی تر لەو دیاردە سرووشتیانە. (بدوی ، ٢٠٠٣: ٤٩.)

بەڕای توێژەر سەرەڕای هەبوونی لێکۆڵینەوەی دیار لەم بوارەو بوونی بەڵگەی پێویست لەبوونی پەیوەندی نێوان ژینگەی سرووشتی و ئاووهەوا لەگەڵ دیاردەی تاوان، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کە هۆکارەکانی تر پەنا بخرێن و وابزانرێت ئەمە تاکە هۆکارە، یان هۆکاری ڕاستەوخۆیە، مادام ئەو تیۆریایە ئەمانە وەك هۆکار لەسەر دووجۆر تاوان (تاوانی دژە کەسی و تاوانی موڵکوسامان) دادەنێت و کورتیدەکاتەوە.

چوارەم: قوتابخانەی دەروونی

ڕاڤە دەروونیەکان هەردەم شوێنگەیەکی دیاریان لە نێو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا گرتووە، بەتایبەتی لەنێو تاوانناسیدا. لەبەرئەوە تیۆرە دەروونیەکان بەشداریەکی کارایان هەیە لەوبوارەدا بەکۆمەڵێك گریمانەی تایبەتی خۆیانەوە، خۆیان نومایاندەکەن، لەوانەش(تیۆری شیکاری دەروونی):

تیۆری (شیکاری دەروونی) بۆ تاوان: دامەزرێنەری ئەم تیۆریایە بیرمەندی گەورەی دەروووناسی نەمساویی( سیگمۆند فرۆید ١٨٥٦ – ١٩٣٩) . توانی بەتوێژینەوەکانی هەنگاوێکی گرنگ بهاوێت بۆ پەرەو پێشبردنی بواری دەروونی وراڤەی دیاردە دەروونی و ڕەفتاریەکانی مرۆڤ، بۆ ئەمەش تیۆریایەك دابنێت کە بتوانێت ڕاڤەی زۆردیاردە بکات(فرۆید ، ٢٠٠٠: ٩-١١) لەنێویشیاندا تاوان..

ئەگەرچی لەدانانی ئەو تیۆریایەدا مەبەستی پێی ڕاڤەکردنی رەفتاری لادەرانەو دیاردەی تاوان نەبووە، بەڵکو ئەوەی ئەو مەبەستی خستنەڕووی کاریگەری تێکچوونی باری دەروونی مرۆڤ بوو لەسەر ڕەفتار، ئاشکرایە تاوانیش دواجار دەچێتە خانەی ڕەفتاری مرۆییەوە!. (فرۆید،١٩٩٥: ٧)

فرۆید تیۆرەکەی خۆی لەسەر سێ بنەما بونیاد ناوە. کە باس لە سێ هێزی دەروونی مرۆڤ (ID- EGO- SUPER EGO) دەکات، واتە (ئەو، من، منی باڵا). (فرۆید ، ٢٠٠٠: ٢٧)

- ئەو (ID): شوێنگەی وزە زیندووە دەروونییەکانە، مرۆڤ هەر لە دایکبوونەوە هەڵگریەتی، لە هەموو ئەو جێگیرانە پێکدێت لە پێکهاتەی جەستەدا هەن، ئارەزوو،(ڕەمەك/ غریزە) و پاڵنەرە خۆڕسکە سێکسیی و شەڕەنگێزییەکان...هتد) دەگرێتە خۆی. (فرۆید ، ٢٠٠٠: ٢٧)

من EGO: ناوەندی هەست و پەیپێبردنی هەستی دەرەکیی و ناوەکیی و پرۆسە ئەقڵگەرییەکانە، سەرپەرشتیاری دەزگای جوڵاوی ویستە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

(الاراده)، (من) پارێزگاریی لە کەسێتیی دەکات و کار لەسەر گونجاندنی لەگەڵ ژینگەی خۆیدا دەکات ، پێگەیینی ئەخوڵقێنێ و چارەسەری ململانێکانی نێوان داواکانی (ئەو) و منی باڵا و واقیع دەکات . (فرۆید ، ٢٠٠٠: ٢٧)

- منی باڵا super- ego: شوێنگەی نمونەی باڵا و ڕەوشت و ویژدان و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و نەریت و چاکەو خێرو دادو ماف و بەهاو ڕێپێدراوەکانە. وەک دەسەڵاتێکی ناوەکی یان سانسۆرێکی دەروونیی وایە، تا ئەندازەیەکی زۆر نەستییە، لەگەڵ گەشەکردنی تاکدا گەشەدەکات، لەژێر کاریگەرێتی دایک و باوکدایە لە گەشەکردنیدا، یان ئەوانیتر کە شوێنی دایک و باوکیان گرتووەتەوە، وەک بەخێوکەرو کەسایەتییە خۆشەویستەکانی ژیانی بە گشتیی، هەروەک بە زیادبوونی ڕۆشنبیریی تاک و شارەزاییەکانی لە کۆمەڵگەدا ڕێکدەکەوێتەوەو هۆشمەنددەبێت. بەرزەمن کار لەسەر ڕێکخستنی ID و ڕاگرتنی دەکات لە تێربوونی ئەو پاڵنەرانەی کۆمەڵگە بە هەڵەو یاساغی دەزانێت. ئەمەش لە ڕێگەی من EGO وە. ( طالب، ٢٠٠٢: ٨٥).

- راڤەی تاوان لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییەوە: بە پێی ئەم تیۆرییە توندوتیژی بەرهەمهاتووی کەمتوانایی (من - EGO) ە لە ئاست ئەو هێنانەوەو (موائمه) هاوسەنگراگرتنەی خواستە شەرەنگێزیەکانی (ئەو) کە داوای کاولکردن و رمان دەکەن، لەگەڵ ئەو بەها کۆمەڵایەتی و نەریت و نۆرمانەی کۆمەڵگە جا ئیتر ئەوانە ئاکاری بن یان ئاینی یان کۆمەڵایەتی، کە دەبنە بەرگیرو داپۆشەری خواستە ئارەزوبازیەکان و شەرەنگێزیەکان کە مرۆڤ لە ڕێگەی توندوتیژیەوە دەریاندەبڕێت و پیادەیاندەکات. ( طالب، ٢٠٠٢: ٩٢).

شوێنکەوتوانی نوێی ئەم تیۆرییە (فرۆیدی نوێ) پاڵپشتی ئەوەدەکەن کە پیادەکردنی توندوتیژی و تاوان ململانێ ناوەکیەکانی مرۆڤ و گرفتە هەڵچوونیەکان لەپشتیانەوەن، وەك هەست بەترس کردن و نادڵنیایی و ڕاڕایی و نەهاتنەوە لەگەڵ دەوروو‌بەرو هەستکردن بە کەمی و نزمی و هتد پاشان ئەم قوتابخانەیە وایدەبینێت کە توندوتیژی وتاوان شتێك نیە بەدەر بێت لەو ماك و دەرهاویشتە نەخۆشیانەی کەدەرەنجامی شێواوی و گرفتە هەڵچوونیەکان نەبێت..( العیسوی،٢٠٠٤: ٢٥٧.)

بەلای بیرمەندانی ئەم تیۆریاوە باشترین شێوازو ڕێکارێکی گیراوەبەر بۆ ڕادان و کاڵکردنەوەی ڕەمەکی توندوتیژی و تاوان دەستخستنی یاریەکان و چالاکیە جۆربەجۆرەکان و شێوازەکانی ڕاگۆڕینەوەو گفتوگۆیە. بەمەش دەرچەیەك بۆ کردنەدەرەوەی ڕەمەکە توندوتیژیەکان بەشێوەیەکی تەندرووست و بێ زیان فەراهەمدەبێت. بەم کردەیەش دەوترێت پرۆسەی خۆخاڵیکردنەوەو (تنفیس) یان پاککردنەوەی دەروونی ناهەستەکی، چونکە ئەم ڕێگەیە ڕەمەکە توندوتیژیەکان کاڵو پاکدەبنەوەو ئەو پەستانەی کە لەناخەوە بۆ مرۆڤ درووستدەبێت هێوردەبێتەوە.( الالفی ،٢٠٠١: ٨٥)

## پێنجەم: قوتابخانەی سۆسیۆلۆژی

ئەم قوتابخانەیە (قوتابخانەی سۆسیۆلۆژی) خاوەن دەیان تیۆرییە، کە ئێمە دیارترینی ئەو تیۆریانەی بۆ ئەم بابەتە هەڵدەبژێرین، کە ئەمانەن:

تیۆری ناپێوەری (اللامعیاریه) ئەمیل دۆرکهایم Dorkheim (١٨٥٨-١٩١٧)زایینی : دورکایم وایدەبینێت کە پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە دووجۆر بنەما دیاریدەکات: ئەوانیش هەماهەنگی ئامێری و هەماهەنگی ئەندامی (التجامن الالی والتجامن العچوی). تیۆری ناپێوەری یاخود لەدەسدانی پێوەر، وایدەبینێ کە دیاردەی تاوان و لادانە کۆمەڵایەتیەکان دەرئەنجامی ئەو تێکچوونانەو بۆشایی تێکەوتنانەیە کە لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە درووستدەبن، کە پەیویست بە ئامرازەکانی ڕێکخستنو کۆنترۆڵی ئاکاری کۆمەڵگەن. ئەگەر ئەم هاوسەنگیە کە لە کۆمەڵگادا هەیە تێکبچێت و هەماهەنگی تاکەکان و گرووپەکان لەگەڵ یەك تێکدەچێت، چونکە لە پڕکردنەوەی پێداویستیەکان کورتدەهێنن و بۆشاییەك درووستدەبێت لە نێوان خواست و واقیعی کۆمەڵایەتی. لێرەوە ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی لادان و تاوان.(أمیل

دورکایم ،١٣٧٦: ٦-٧)

لە دیدی دۆرکایمدا، بەو پێیەی پرۆسەی بەتاکەکەس بوون لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بەشێوەیەکی بەردەوام بەهێز دەبێت، بۆیە تا دێت ئاین لە ناویاندا لاوازدەبێت، یان دەبێتە دیاردەیەکی لاوەکی. لەبری ئاین عەقڵانییەت دەبێتە ئاکاری سەرەکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش وادەکات مەترسی ئەوە دروستببێت شتێک نەمێنێتەوە ئاوێزانبوونی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ئەو ڕووحە کۆدەنگییەی هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی پێیەتی، مەیسەر بکات. لەم ڕووەوە دۆرکایم پێیوایە، کە کۆمەڵگەی مۆدێرن پێویستیی بە دروستکردنی دەزگای کۆمەڵایەتی نوێ هەیە بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕبکاتەوە، کە لاوازبوونی ئاین لەکۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا دروست دەکات(أمیل دورکایم ،١٣٧٦: ٦-٧)

٢- تیۆری ململانێ (صراع) : ئەم تیۆریایە پشتگیری لە بیروڕاکانی کارل مارکس دەکات، بڕوای وایە کە تاوان دەرکەوتەی ململانێ چینەکانە، ئیتر ئەو چینە، چینی سیاسی بێت یان یان ئاینی بێت یان ململانێی بەرژەوەندیەکان و گەیشتن بێت بە دەسەڵات. لەبەرئەوە دواجار ئەوەی زاڵدەبێت، لایەنی بەهێزە بەسەر لایەنی بێهێزدا. ئەمەش بەردەوامی هەیەو بێ کۆتایە.( https://mawdoo3.com)

لە دیاردەی تاوانی ژنان بیرمەندانی ئەم ڕێبازە وایدەبینن کەتاوان و توندوتیژی نواندن دەرەنجامی سەپاندنی هەژموونی پیاوساڵاریەو ژن تیایدا قوربانیە، کەجیاوازی ڕەگەزی دەبێتە هۆکارێك بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا، ئەوکات توندوتیژی پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ خستنەوەی نایەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، میکانیزم و ئامرازی ئەو خۆسەپاندنەش گرتنەبەری ئەو توندوتیژیەیە کە ژنی پێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵ و مەنزڵ و لەچوارچێوەی ماڵدا قەتیسبکرێت، توندوتیژی خێزانیش دەرەنجامی ئەو ململانێیەیە کە هەردوو ڕەگەز بەهۆی ئەو نایەکسانیە جێندەریەی کەلەلایەن کۆمەڵگەی باوکسالاریەوە بۆی ماوەتەوە لەناوخێزاندا بەردەوامی هەیە. بەدیدی بیرمەندانی تیۆری ململانێ چارەسەری کێشەی توندوتیژی بە فراوانکردنی بواری یەکسانی و ڕەخساندنی زیاتر ئازادی بۆ ژن وئیستیغلال نەکردنی چینی ئافرەت بۆ ئەویتر، بەشدارییپێکردنی دادپەروەرانە لە داهات و هێزدا. (الخولی، ٢٠٠٨: ٧٤)

٣- تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی: یەکێك لەو تەوەرە بنچینەیی و گرنگانەی کە تیۆریای کۆمەڵایەتی پشتی پێدەبەستێت، بێگومان کارلێکی کۆمەڵایەتیە، کە دەسپێکە لە(MICRO) ی شیکاری نەسەقی کۆمەڵایەتیەوە دەستپێدەکات، بەمانا لەسەر ئاستی یەکەی بچووکەوە بۆ تێگەیشتن لەیەکە گەورەکان یان بەدەربرینێکی تر لەبەشەکان دەست بەتوێژینەوە دەکات بۆ ئەوەی لەگشتەکان بگات، بەومانایە لەتاکەکان و ڕەفتارەکانیانەوە وەك دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە نەسەقی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات.

لەدیدی ئەم تیۆریایەوە کردەی تاکەکان دەبێتە بنچینەیەکی جێگیر بۆ پێکهێنانی بونیادێك لە ڕۆڵەکان، کەدەکرێ وا لەو ڕۆڵانە بروانرێت وەك ئەوەی تاکەکان لەبۆ یەکتری پێشبینیدەکەن لە ڕووی ماناو هێماوە. کەواتە دەبێت یان چاوبخرێتە سەر ڕۆڵەکان و نەسەقە کۆمەڵایەتیەکان، یان ئەوەتا لەسەر ڕەفتاری ڕۆڵ و کردەی کۆمەڵایەتی بوەستن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمان بونیادی کۆمەڵایەتی وەك شتێکی (لەخۆگیراو-چەمنی) هەر لەبەرچاودەگرن بەو پێیەی بونیادی ڕۆڵەکانن (لگفی و الزیات، ١٩٩٩ :١١٩)

بەهەمان شێوە بارسۆنز(Parsons) وەهای دەبینێت، تەنها ئەوە هەیە کە خۆی خەریکناکات بە شیکار لەسەر ئاستی نەسەقەکان، بە ئەندازەی ئەوەی بایەخ بە کارلێکی هێمایی پێکهاتوو لە ڕێگەی زمان، واتاکان، وێنەی هزری، هێماو ئاماژە واتادارەکان، بەپشت بەستن بە ڕاستیەکی پربایەخ نەبێ ئەویش ئەوەیە کەتاك ڕۆڵی ئەوانی تر پەسەند بکات و ئیستیعابی بکات، کەواتە کارلێکی هێمایی چاویدەخاتە سەر کۆڵینەوەی بیرو پرۆسەکانی و دەیانکاتە شوێن بایەخی. پاشان ئەم تیۆریایە جەخت لەسەر وەستان و کۆڵینەوە لەسەر خێزان دەکات، ئەوەش لە ڕێگەی ئەم پرۆسانە: بەجێگەیاندنی ڕۆڵ ، گرفتەکانی پەیوەندی، پرۆسەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکانی بونیادی هێز لەناو خێزان. ئەمانە دەبنە یەکەیەکی چوارچێوەدانەر بۆ دەرکەوتبوونی پەیوەندیە نەرێنیەکانی نێوان تاکەکانی خێزان، چ لە نێوان هاوسەرەکاندا چ

لەنێوان منداڵەکان و ئەندامانی خێزاندا. (کریب،١٩٩٩: ١٢٩). هەر بۆیە تاوان و دەرکەوتبوونی توندوتیژی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو ماناو واتایانەی کە هەر یەك لە دایك و باوك یان ئەندامانی دەزگای خێزان بەشتەکان دەیدەن.

بۆ زانین و ناسین و تێگەیشتنی هەر ڕەفتارێکی مێرد یان ژن لەهەر کۆمەڵگەیەك، پێویستە شیکاری بۆ کەلتووری گشتی و سەبکەلتوورو کەلتووری لۆکاڵی ئەو تاکانەی خێزان بەتایبەتی باوك و دایک هەردوکیان بکرێت. هەر بۆیە رابەرانی ئەم تیۆریایە جەخت لە سەردووخاڵی گرنگ دەکەنەوە ئەوانیش (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کەسێتی تاك)ە ئەوان بانگەشەی وەستان و سەرنج خستنەسەر ئەو ماناو هێماو ئاماژانەو ئەو خوێندنەوەو ڕاڤانە دەکەن کەتاك لە کاتی هەڵوێست وەرگرتندا لێیدەکەوێتەوە یاخود ڕەنگکراوی ئەوانە.(کریب ،١٩٩٩: ١٤٤)

بۆیە بەم تێڕوانینەوە ڕابەرانی ئەم تیۆریایە وادەبینن کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەکەوێتە نێو چەندین پەیوەندی هێماییەوە، سەری دەچێتە نێو زۆر بواری کۆمەڵایەتی ناهێماییشەوە، ئەگەر ئەو هێماو ئاماژانە، واتای هاوبەشی داو لەلای تاکەکان! ئەوا ئەو تاکانە لەیەکتر تێدەگەن، خۆ ئەگەر ئەوتاکانە لەو ماناو هێمانە ناکۆکبوون و نەگەیشتنە مانای ڕیککەوتن، ئەوکات تێگەیشتنی هەڵەو گومان و نادڵنیایی لەیەکتر و لەکردەکانی یەکتر پەیدادەبێت. ئەمەش سەردەکێشێت بۆ کێشەو تێکئاڵان و دەرەنجام سەردەکێشێ بۆ توندوتیژی و لەئەنجامدا ئەگەر لەیەك حاڵی نەبن ئەوا تاوانی لێدەکەوێتەوە.

٤- تیۆری گواستنەوەی لادان (نظرية الانتقال الانحرافي) : ئەم تیۆریایە پێی وایە کە لادان لە بەهاکۆمەڵایەتیەکان، ڕەفتارێکی بەدەستهاتووو وەرگیراوە، ئەو خووە لادانی وتاوانکاریەی کە لای گروپێك ئامادەیی هەیە، یارمەتیدەرە بۆ فراوانبوونی بازنەی لادان و تاوان لە ڕێگەی گرتنە ئامانجی کەسانی نوێ و ڕاکێشانیان بۆ سەر ئەو خووە. واتە کەسێتی پەیوەندیدارە بە ئیکۆلۆژیاو ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیەی کە تاکەکەی تیا ژیانەدەکات، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو پەرەپێدانەی کە لە ڕۆڵ وپێگە جیاوازانەی پیایدا تێپەڕدەکات. هەروەها لەڕێگەی ئەو پەیوەندی و تێکەڵاویانەی کە لە نێو دەزگا کۆمەڵایەتیەکاندا هەیەتی هەر لەخێزان و خوێندنگەو زانکۆو ڕێکخراوو هەروەها شوێنەکاندا تاك هەیەتی. ئەگەرچی ئەم تیۆریایە جۆرێک لە ڕاستەقینەی تیایەو گونجاوە لەگەڵ زۆرێك لەلادانە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی ئەو تاوانانەی کە لەڕێگەی هاوڕێ و برادەرو ئەندامانی دەزگایەکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ تاك دەگوێزرێتەوەو تاك خووی ئەو تاکە لادەرانە دەگرێت کە پێکەوەییان لەگەڵدەکات، نموونەش مادەهۆشبەرەکان و تاوانی سێکسیەکان.( الدوری ،١٩٨٤: ٣٣)

ئەم تیۆریایە باوەڕی وایە کە تاك لە دایکدەبێت خاڵیە لە هەر پەڵەیەکی کردەی تاوانکاری، ئەوە چواردەوریەتی ئەو دەخاتە سەر ڕێگەی تاوان و دواجار هەڵەو لادانی تووشدەبێت. ئەوەش بەچەند قۆناغی ڕاگوزەری ژیانیدا تێدەپەڕێت لە منداڵیەوە بۆ پێگەیشتووی، هەر بۆیە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سرووشتی هەمیشە ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە پشت تاوانکاری تاوانبارەوە. بەپێی ئەم تیۆریایە هۆکارەکانی پشت هەر تاوانێك ئەمانەن:

یەکەم: نزیکی ئەو تاکە لە کەسانی لادەرو تاوانبارەوە، جا ئەگەر ماڵ و ئەندامانی خێزانەکەی خۆی بن یان هاوڕێی بن و خۆشەویستی و هاوەڵایەتیان بەهێز بێت.!

دووەم: تەمەن.چونکە مرۆڤ ئەگەرهەرزەکار یان نەوجەوان بوو ئەو تەمەنەی زیاتر پەسەندی کردەی تاوانی و لادانی دەکات، بەبەراورد لەگەڵ کەسێکی بەتەمەن و پیر.

سێیەم: ڕێژەی کرانەوەو بەدەمەوەچوونی ئەوانەی کە لەناو کۆمەڵگەدان، جا چەندە کرانەوەو تێکەڵی و بەدەمەوەچوونی بۆکەسانێك بێت کە لەناو کۆمەڵگەدا پەسەندن و کردەکانیان لە بازنەی بەرژەوەندی و پەسەندی گشتیدان یان لەگەڵ کەسانی لادەرو کردە نامۆ بەنەریت و ئاکاری کۆمەڵایەتیەکان زیاتر دەکرێتەوەو حەزی بەلای ئەوانەدا دەچێت؟! بۆیە ئەگەری چوونی بەلای دووەم تاقمدازۆر زیاترە، ئەگەر کرانەوەو حەزو بەدەمەوەچوونی بۆ لادەرەکان زیاتر بێت! هەلی لادانی زیاتردەبێت. (سیزرلاند و کریسی، ١٩٦٨: ٣٨٢)

ئەم بڕیارەی خاوەنانی ئەم تیۆریایە بەدەر لەوەی کە جەوهەری کردەی لادانی فەرامۆشکردووە لەهەمانکاتدا بۆ هەندێ تاوان ڕاستەقینەی تیا نیە، بۆنموونە هیچ خوێندنەوەیەکی زانستی نیە کە بۆ (تاوانکردن بەرێککەوت- المجرم بالصدفه) بکات، یان تاوانی تۆڵەو کاردانەوەی

توندوتیژانەی کتوپڕ کەتاوانی لێدەکەوێتەوە.

٥- تیۆری ستەمی کۆمەڵایەتی (القهر الاجتماعی): ئەم تیۆریایە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەلادانی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و دەرەنجامی ستەمێکی کۆمەڵایەتی و چالاکیەکی کۆمەڵایەتیە کە کۆمەڵێك پێیهەڵدەستن بەرامبەر کەسانێکی تر، بۆنموونە هەژاری زەمینەیەکی لەبارە بۆ کرداری تاوانکاری. چونکە هەژاران فشار دروستدەکەن لە دژی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕژێم، ئەمەش وادەکات هەندێکیان ئامانجی خوازراویان بەدەستبهێنن بۆنموونە لە ڕێگەی هەڕەشەی پەیداکردنی پارە و دزی و کوشتنەوە...هتد ((سیزرلاند و کریسی، ١٩٦٨: ٣٩١) پوختەی ئەم تیۆریا ئەوەیە کە کاتێك سەرچاوەکانی پێداویستی و وسەرمایە لای چینێك کۆدەبنەوە، چینێکی زۆرینەی تریش کەمتواناو کەمبڕست دەبن لەوەی کە بتوانن پێداویستیەکانیان پڕبکەنەوەو لەوێوە هەست بە جۆرێك لە بێبەشی وکەموکورتی خۆیان دەکەن و دەچنە دۆخی هەژاریەوە، بۆیە تاکی ئەم چینانە کاتێك ناتوانن بگەنە ئامانجەکانیان و تەنانەت کورتدەهێنن لەوەی پێداویستیەکانیان پڕبکەنەوەو ژیانێکی خوازراوی خۆیان بەو میکانیزمە بریارلەسەردراوە کۆمەڵایەتیانەی هەن، دەستبخەن. ئیتر لەناچاریا ڕێگەیەکی نادرووستی کۆمەڵایەتی و لادەر دەگرنەبەر بۆ ئەوەی بگەن بەو ئامانجانەی دەیانەوێت، وەك بەرتیل و دزی ودەستدانە فرۆشتنی شتانێك کە نایاساین، بەمانا خواستیان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی وگەیشتن بە ئامانجەکانیان وایانلێدەکات شێوازی لادان و کردەی نایاسایی وناباو ئەنجام بدەن کاتێك کە ڕێگا تەندورست و کۆمەڵایەتیەکان نەیانتوانی خواست و ئامانجەکانیانی تیا بدۆزنەوە(https://www.tandfonline.com/). بەرای توێژەر ئەم تێگەیشتنەی لایەنگرانی ئەم تیۆریایە ڕەهایە، هیچ وەخت مەرج نیە هەموو تاکێك کە پێداویستیەکانی پرنەبوونەوە و دەستکورت بوو ئیتر بریاری تاوان بدات و کردەی لادەرانە هەڵبژێرێت. پاشان ئەو تاوانانەی کە لەلایەن کەسانی تێکچووە عەقڵی و دەروونیەکانەوە ئەنجام دەدرێت پشتگوێ خستوە. ئەو تاوانەی کە کەسە دەوڵەمەندەکان و بەدەسەڵاتەکان ئەنجامیدەدەن وەك ستەم و ڕەشوە سەندن و ..هتد باسیان لێوەناکات.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

پاش خستنەڕووی شێوازی ڕاڤەی ئەم تیۆرانە بۆ دیاردەی تاوان توێژەرئەم ئەنجامانەی دەسکەوتوە:

یەکەم: ڕاڤەی تیۆریاکان هەوڵی پربایەخ و زانستین، هەردەم و هەرکەس بیەوێت لایەک لە دیاردەیەك بکاتەوە پێویستە بۆ گەڕانەوەیەکی هەبێت بۆ ئەم تیۆریانە، وەك پاڵپشتێکی گرنگی مەعریفی چاوپانلێبکات، لەوێوە خوێندنەوەی بۆ دیاردەکان ئاسانترو بەرچاوڕۆشنی زیاتردەبێت.

دووەم: تیۆریایەك بەتەنیا ناتوانێت ڕاڤەو شیکارێکی پڕاوپڕی دیاردەیەك بکات بەتایبەتی دیاردەیەکی وەك تاوان، چونکە تاوان ڕەفتارێکی فرە چەشن و فرە جۆرو ڕەگەزجیاوازی فرە سەرچاوەیە. ئەم فراوانیەی تاوان لەمەترسی وزیانی جۆراوجۆر کە لە دزینی کەلوپەلێکی سادە لە نێو دوکانێکەوە بیگرە تا کوشتنی بەکۆمەڵ. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم تیۆریانە ڕۆڵی تێگەیشتنی زیاتر لە تاوان و دیاریکردنی هۆکار و پاڵنەر بۆتاوان دەخەنە بەرچاو، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ڕەفتارە لادەریەکان بە پێی بکەرو شوێنکاتیان، ڕۆڵی بارودۆخی ژینگەی کۆمەڵایەتی لە دەرکەوتبوونی جۆر و قەبارەی تاوانەکە ناتوانن پشت گوێبخەن.

سێیەم: لە کۆمەڵگەی کوردیدا دیاردەکانی تاوان و وەك کێشەی توێژینەوە چاوی لێدەکرێت، پێویستەتوێژەر لەناو واقیعداو بە پراکتیکی بۆ ئەم دیاردەیە بگەڕێت، چونکە ئەم تیۆریانە ئەگەرچی هاوکارێکی باشن بۆ توێژینەوە بەڵام مەرج نیە هەموو شتێك بن! بەڵکو پێویستە توێژەر واقیعی کۆمەڵایەتی و کەلتوورو مێژوو بونیادی کەسێتی تاکی کوردی فەرامۆش نەکات و بەدووی هۆکاری ترێشدا بگەڕێت..



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سەرچاوەکان:

**القران الكريم.**

١- ابن منظور، محمد بن مكرم بن علي أبو الفضل جمال الدين ابن منظور الأنصاري(٢٠١٠): لسان العرب، ج٤، دار صادر بيروت، لبنان.

٢- ادوين سيزرلاند و دونالد كريسي(١٩٦٨): مبادئ علم الإجرام ، ترجمة محمود السباعي ، حسن صادق المرصفاوي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

٣- اسماعيل، احمدعلى(١٩٩٥): دراسات الجريمة في جغرافية المدن، الندوة العلمية عن جغرافية الجريمة، الجمعيه الجغرافيه المصريه، القاهرة، مصر..

٤- الالفي، محسن(٢٠٠١): الانسان عبر الحياه فى المواجهه الموت فى ضوء الثاين و علم النفس، دار الفرقان، عمان، الاردن.

٥- بدوى، عبدالرحمن عبدالله(٢٠٠٣): التوزيع المكاني و للجريمة فى الرياض وعلاقتها بالخصائص البيئية للمكان، رسالة ماجيستير منشورة، قسم علوم الاحتماعية، أكاديمية نايف العربية للعلوم الامنية، الرياض .

٦- بشير، مازن(٢٠٠٩): مبادئ علم الاجرام، دارالكتب والوثائق، بغداد، العراق.

٧- التويجرى، أسماء بنت عبدالله بن عبدالمحسن(٢٠١١): خصائص الاجتماعية والاقتصاديه للعائدات الجريمة (الطبعه الاولى)، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، الرياض: مملكة العربية السعودية.

٨- جعفر، على محمد(١٩٩٢): علم الاجرام و العقاب : دراسه تحليليه لظاهرة الاجرام و السياسة العقابية في التشريع الليبي و المقارن، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت،لبنان..

٩- الخولى، سناء: الاسره و الحياه العائليه، دار النهضة العربية، بيروت (دت).

١٠-دوركايم، أميل) ١٣٧٦(: تربيت وجامعەشناسى، ترجمه : علي محمد كاردان، انتشارات دانشگاه تهران ،ايران.

١١- دوركايم(١٩٨٨): قواعد المنهج فى علم الاجتماع، ترجمة وتقديم محمود قاسم ومراجعته: السيد محمد بدوى، ط٢، دار المعرفة الجامعية، ، الاسكندرية، مصر .

١٢-الدوري، عدنان (١٩٨٤): أصول علم الإجرام : أسباب الجريمة وطبيعه السلوك الإجرامى، ذات السلاسل للطباعه،الكويت .

١٣- رمضان، السيد: الجريمة والانحراف من المنظور الاجتماعى، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية ١٩٨٥.

١٤- زەڵمی، ئیبراهیم حاجی(٢٠١٠): دێوە چەرمەو دیوە سیاوە(چیرۆکی ئەفسانەیی هەورامان)، ئینستیتیۆی کەلەپووری کورد، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

١٥- الساعاتى، ساميه حسن: الجريمة والمجتمع بحوب فى علم الاجتماع الجنائى، ط٢، دار النهچه العربية، بيروت، ١٩٨٣م.

١٦- السمري، عدلي(٢٠٠٩): الصلات بين النظرية والبحث، دار النهضة، القاهرة .

١٧- الشيباني، عمر محمد (٢٠٠١): مناهج البحث الاجتماعي، المنشأة الشعبية للنشر والتوزيع والإعلان، الشوربجي، نبيلة- طرابلس.

١٨- طالب، أحسن(٢٠٠٢) : الجريمة والعقوبة والمؤسسات الإصلاحية، ط١، دار الطليعة للطباعة والنشر (بيروت)، لبنان.

١٩- الطراونة، مهند صالح(٢٠٠٤): العلوم الجنائيه والعقاب، كليه الاعمال قسم القانون، الاردن .

٢٠- على ، يسر انور و عثمان، أمال عبد الرحيم (١٩٨٠): علم الإجرام والعقاب ، دار النهضة العربية ، القاهرة .

٢١- العيسوي، عبد الرحمن(٢٠٠٤): سيكولوجية الإجرام، ط١، دار النهضة للنشر، بيروت، لبنان.

٢٢- عبد الستار، فوزيه (١٩٧٨): مبادئ علم الإجرام و علم العقاب، دار النهضة العربية، القاهرة.

٢٣- غريب، عبدالعزيز بن علي(٢٠١٢): نظريات علم الاجتماع ، دار الزهراء/ الرياض .

٢٤- فرويد، سيجموند: موجز فى التحليل النفسي، ترجمه سامى محمود على وعبدالسلام القفاش، مهرجان القراءة للجميع ، ٢٠٠٠،القاهرة.

٢٥- فرويد، سيجموند: مدخل الى التحليل النفسي، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعه للطباعة والنشر ، ط الثالثة، بيروت،١٩٩٥.

٢٦-القهوجى، على عبدالقادر (١٩٩٤): علم الإجرام وعلم العقاب، الدار الجامعية للطباعه والنشر، بيروت، لبنان.

٢٧-القهوجى و الشاذلى(٢٠١٢) علم الإجرام وعلم العقاب، الدار الجامعية للطباعه والنشر، بيروت، لبنان.

٢٨- كريب، إيان،( ١٩٩٩): النظرية الاجتماعية، ترجمة محمدحسين غلوم و محمد عصفور، مطابع الوطن، الكويت.

٢٩- لطفي، طلعت ابراهيم والزيات، كمال عبدالحميد(١٩٩٩): النظرية المعاصرة في الاجتماع، دارغريب للطباعة والنشر والتوزيع ، القاهرة.

٣٠- المشهدانى، فهيمه كريم(٢٠٠٩): التصنيع والجريمة،ط١، بغداد،العراق.

٣١- مكى، رجاء و عجم، د.سامى: أشكالية العنف(العنف المشرع والعنف المدان)المؤسسة الجامعية للدراسات والنشرواالتوزيـع، بيروت، لبنان،٢٠٠٨.

٣٢- موكريانى،هەژار(١٣٨١): فەرهەنگى هەمانەبۆرينە، مجتمع فرهنگى سروش، چاپ سوم،. تهران، ايران.

٣٣- محمود، جلال(١٩٧٩): ئيديۆم لەزمانى كورديدا، چاپخانەى (الجاحظ)، بەغداد.

٣٤- نصرالله، واحده حمه ويس(٢٠١٧): اسباب العود الى الجريمة، گۆڤارى زانكوى سلێمانى ، زانسته مرۆڤايەتيەكان/ ژماره ٥٢، سليمانى .

٣٥- هرزانى، نورى ياسين(٢٠٠٥): الاعلام والجريمة، مطبعة جامعة صلاحئاين-اربيل،كردستان العراق.

36- Gilligan, j. (1997) : Violence 1st ed., G.P. Putnam's Sons. New York..

37-https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/02674648766780021